# بەند و نەی

## کۆمەڵە هۆنراوەیەکە

## نووسینی: فواد عوسمان

# وتەی نووسەر

ویستم جێی دەستم دیار بێت لەو بەهرەیەی کە هەمە لە بواری نووسینی هۆنراوە، هەڵبەتە من خۆم بە شاعیر نازانم. چونکە شاعیربوون هەوڵدان و خۆیەکلایی کردنەوە و ئاسۆی بیری فراوانی دەوێ. شاعیر هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ فەیلەسوف و بیرمەندێک ئەگەر بە تەواوی ئەدای بەهرەکەی خۆی بکا.

هەڵبەتە زۆرێک لە بابەتەکانی ژیان لەڕێی ژانرەکانی ترەوە پەیامەکانی ناگات بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی تەنیا لە ڕێگەی شیعرەوە نەبێ. بۆیە شیعر ئەو کەلێنە پڕ دەکاتەوە ئەگەر شاعیر بە تەواوی بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵسێ. منیش بەش بەحاڵی خۆم دەرکم بەو ڕاستییە کردوە. بۆیە هەوڵمداوە ئەدای ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییە ئەخلاقییە بکەم کە کەوتۆتە سەرشانی بەهرەکەم.

هەوڵم داوە لەنێو شیعرەکان دا خوێنەر خۆی بدۆزێتەوە و بە ڕۆڵی سەرەکی خۆی بزانێ، من تەنها واسیتەیەک بم لەنێوان شیعر و هەستی خوێنەر، لە نێو شیعرەکاندا تەنیا وەک کاراکتەر ڕۆڵ دەبینم نەک خوێنەر ئاڵوودە و سەرقاڵ بکەم بە ژیانی تایبەتی و هەستی تایبەتی خۆمەوە. هەوڵم داوە خوێنەر خۆی تێدا بدۆزێتەوە نەک من لەناو شیعرەکاندا بدۆزێتەوە.

لەگەڵ ڕێزی براتان

فواد عوسمان

# پێشەکی

خوێنەری ئازیز. هەوڵم داوە لە نووسینی ئەو کۆمەڵە هۆنراوەیەدا تایبەتمەندی خۆم هەبێ و ئەو تایبەتمەندیتییە من جیا بکاتەوە لە شاعیرانی تر و لای خوێنەر بەو ڕێچکە تایبەتییەوە بناسرێمەوە. ڕێچکە تایبەتییەکەی من وەک ئەزموونێکی تازە و تاقیکراوە دەخەمە بەر دیدی خوێنەران. زۆر دەمێکە کارم لەسەر کردوە و مێژوویێکم هەیە لەسەر ئەو ڕێچکە تایبەتییەی خۆم کە بریتییە لە تێکەڵکردنی ڕێبازی کلاسیکی و  فۆلکلۆری لە ڕووی کێش و سەروا و جۆری عەرووز. ئەمە لە لایەک.

لەلایەکی تریشەوە، لە ڕووی دارشتنەوە بە ڕەچاوکردنی دارشتەی گوزارشتی کلاسیکی و هەست و سۆزی کوردەواریانە، تێکەڵ بە موفرەدەو دەستەواژەی تەسەوفی و عەشق و ئەوین. بە ڕەچاوکردنی مەکانەت و قورسایی وشەکان هاوتا لەگەڵ دەربڕینی شیعری بە ڕیتمێکی تەواو کوردەوارییانە کە لەگەڵ هەست و میزاجی خوێنەری کورد بگونجێت. هیوادارم چێژی لێ ببینن و سوودێکتان پێ بگەیەنێت و سوودێکم هەبێ بۆتان.

## تێپەڕی

وەک شنەبا دای لە ڕووم

هەر ئەو کات بوو، تێپەڕی

ماڵت ئاوا خۆرائاوا

بەس بۆ من زەردەپەڕی

بۆ شەوی سیابەختم

سوپایەکی لە شەڕی

لە ئاست دڵی بێچارەم

فریشتەیەکی کەڕی

ڕابورد و ون بوو، ڕۆیی

هەموو شتێکی گۆڕی

بەجارێ کەوتمە لێژی

عەشقت، بەگەرموگوڕی

بەجارێ ماڵوێران بووم

نیشتە ڕۆحم و هەڵفڕی

بەجارێ سەرگەردان بووم

ڕیشەی جەرگمی پچڕی

تۆ چیی بووی چیت دەویست لێم

پەردەی حوزنت دادڕی

چ شۆکێک بووی جێت هێشتم

شوێن پێکانیشت سڕی

ئێستاش لەو لێوە وشکەم

تۆ هەر ماچێکی تەڕی

# کەشکۆڵ

ئاڵوودەی مەیلی تۆیە.................... دڵ لەنێو سینەی قەفەس
بێ ناز، بێ حاڵ و بێ هەست........... بێ ئومێد و بێ هەوەس
دڵ، ناسک و هەستیار................ هەروەک باڵندەی نەورەس
مەگەر نیگای چاوی تۆ.................... بۆی ببێ بە فریادڕەس
وەک دەروێش کەشکۆڵ بەدەست....زیکر و وێردم بۆ تۆ و بەس
وەک دێوانە لە سارا...................  گۆشەگیرم لە گشت کەس
بوومە پیری زەمانە............. بۆت سووتام هەروەک قەقنەس
ئاهـ وناڵەم بۆ تۆیە........................ هەرتۆ تا ئاخیر نەفەس
هەروەک فەرهاد بۆ شیرین........... بێستوون دەهێنمە هەرەس
ئەتۆ (حەقولیەقین)ی............. بێ گومان، دوور لە وەسوەس

# کۆڕی دڵ

کام دووری ماتی کردووی..... دووری شار یا دووری هەست

نامەکانت بۆ وەستاند.............. بەئەنقەست یا بێمەبەست

ئەی ساقی مەیخانەی دڵ....... بە غەمزەی دوو چاوی مەست

تێیکە پیاڵە لەو عەشقە........... با مەست بم منی سەرمەست

لە ژوانێکی پڕ میهرا ............. نیگاکانمان بوون پەیوەست

بەدەم هەر ئەحواڵ پرسین...... بە دڵ کۆڕی عەشقمان بەست

منت هێنایەوە حاڵ................بۆ ناو عەشقێکی زۆر خەست

لە نوێ بوومەوە شاعیر............ بۆ شیعر قەڵەم بە دەست

شەرموشکۆت تێکەڵ بوون... هاوتابوون لە هەست و نەست

وەرە با ئاوێزان بین................ ئەتۆ پەیڤ و من هەڵبەست

# شاهی من

دەترسم هەموو ڕۆژێک..............هەڵوەرێ بە ئاهی من
گەڵایەک لە دڵی تۆ..............بۆ سەر بەختی سیاهی من
هەر پەیڤێکت پڕشنگێک............ڕوخسارت ڕۆناهی من
پێت وتم هەردووک عەشقن......... خودای تۆ و ئیلاهی من
هەرچەند زۆر لەیەک دوورن.........مەقامی تۆ و جاهی من
خۆت نەدەیتە دەست مەینەت...... لە ڕاهی خوا و ڕاهی من
بەو شەوە درەنگەی تەمەن.........بویە نەجم و ماهی من
منی بێ قیبلە بۆ نوێژ .................ئەتۆی قیبلەگاهی من
منی غەمزەدەی بێ تۆ........... بێ تۆ چیم ئەی شاهی من
ئەی شێخی تەریقەتم...............خۆش بە لە گوناهی من
لە غەفلەتی ناگاهی و................. زیللەتی گومڕاهی من

## له دەست دەرچووم

تەمەن ڕۆیی و جێیهێشتم.......گەنجیم لە غوربەت جێما
شووشەی شەڕابی هۆشم............ یەک دڵۆپی تیا نەما
ئاڵوودەی دەردی پیریم................. تەلاری گەنجیم ڕما
عەشقم مەیلی نەماوە و............ وەک جاران ناکا سەما
لە کاروانی ژین جێمام...............وەستام لە نەش و نما
دڵ، سەری سپی کردم............ لە حەسرەتێکی شووما
لەم مەملەکەتی مەرگە.........هەرچی هات، دێ بە سەرما
هەرکەسێ دڵ بە سوێیە.............فەرموو با بێ لەگەڵما
جانی جانانم دە تۆش................ ون بە لە هەور و تەما
چاوم بینایی نەما................ لە عەشقی وەلی و شەما
تازە من لە دەست دەرچووم....... پیر بووم و پشتم چەما

**مانای خودا**

شەو و ڕۆژ هەوڵ دەدەم..........لە مانای (خوا)تێبگەم

نهێنیی مانای خودا..............بۆتە خورپە و ئەندێشەم

هیچ شت بێ مانا نییە..........گەورە و بچوک، زۆروکەم

بەها لە مانادایە ............ (مانا)ش خوای ڕاستەقینەم

زمانی خوا زانستە............ بۆ هەموو شتێ سەرجەم

(بوون) ڕووکەشی خودایە......ناخی بریتییە لە(عەدەم)

دیدەی ئەو ڕۆشناییە.............ڕۆشنایی بۆ مەعریفەم

ئەو دەنگانەی نێو سروشت...دەنگی خوایە لە گوێچکەم

بەهەستی ئەو هەست دەکەم....بوونم هەیە و ئەمن هەم

دەچمە زیارەتی خودا........... ماڵی خوا لەناو جەستەم

بەو شێوە خۆی ناساند پێم........ فێری کردم تێی بگەم

**له عه‌شقم لاده**

پێش ئه‌وه‌ی بڵێم چۆنی......................... ویستم بزانم چۆنی
تۆ له‌نێوان هه‌ست و ویست..................ده‌زانم ئه‌وه تۆ نی
وه‌ک درکێک چووی به دڵما....چون سه‌رمه‌ست بووم به بۆنی
وه‌ک خوشکێک پێت گوتم کاک....بۆچ له‌گه‌ڵ خۆت ڕاستگۆنی
هه‌رچه‌ند ناته‌وێ وابی.......................چونکه فێره درۆ نی
له من و له عه‌شقم لاده................ بۆ ئه‌م عه‌شقه به‌سۆ نی
تۆش هۆکارێکت هه‌یه........................ده‌زانم به‌بێ هۆ نی
شێخی سه‌نعانت ده‌وێ و................ بۆ که‌سیش ده‌سته‌مۆ نی
وا هه‌ست ده‌که‌م تۆ منیت................ هه‌رگیز به من نامۆ نی
لای من خۆت پێ ئازاده و............... لای باوان سه‌ربه‌خۆ نی

## سەوداسەری دونیا

لە سەوداسەری دونیا دەبێ هەردەم سەربادەم
نزیک بوو لێم و دوور چووم وەم دەزانی کۆڵنادەم
ئەسەف هەر لە جێی خۆمم کە بێ جێگە و بێ جاهم
هەموو مەستی خەیاڵن تەنها من مەستی بادەم
چ فایدەیە بێمە گۆ لە گۆڕستانی دونیا
ڕێزم گرت لەهەر کەسێ دەرنەچوو بە بنیادەم
هەرچی هات بەهەنجەتێ تێپەڕی و لەمنی لادا
ئەی من دەبێ لەبەر چی و لەبەر کێ تاکەی لادەم
پێی گوتم فوئادەکەم تۆ دەگمەن و نایابی
هۆشی بردم نەمزانی من بەندەی ئەو فوئادەم

## تۆ کێیت؟

هەندێ جار
خۆیشت نازانی کێیە
لەبەر دەرگای عەشقت وەستاوە
لاڵ دەبی
نازانی چیت لێ قەوماوە
نازانی چۆن بڵێی: (تۆ کێیت)
چونکە وا هەست دەکەی
دەم و زمان و قوڕگت گیراوە
تازە هەست دەکەم
عەشق تارماییە
لەنێو خەونم ڕاکشاوە
تۆزێ بوەستە پەلە مەکە
ئاخەر من بۆ عەشق مناڵم
هێشتا زۆرم ماوە
دەترسم زمانی عەشقم تەتەڵە بکات
هەڵە لە دوای هەڵە بمخاتە داوە
ئەزموونم زۆرە لە شکست
دە هێندەی شکستیش دڵم شکاوە
دەترسم تۆ ئاسمان بیت و
منیش تاریکە شەو

خۆرێک بێت و من بخاته لاوە

نا نا نا

تۆ هەر گوڵ بە

منیش هەربولبول

با جوانیی تۆو چریکەی من

بچنە نێو کەژاوەی سەمفۆنیاوە

چەند ناسکی

چەند بەنازی

دەڵێی هەرچی جوانییە لە تۆدا ڕوواوە

لێوەکانم دەگەزم

پەنجەکانم دەگەزم

وشەکانم دەگەزم

گەر خەندەی تۆ بژاکێنن

ئەوە خەندەی تۆیە

لەگەڵ سۆزی من تێکەڵاوە

من هەر هێندە

لە مەتەڵی هەستی تۆ تێگەیشتووم

بمبوورە گەر لە ئاستی سۆزی تۆ

زمانم گیراوە

لەگۆکەوتوە و

وشەی پێ نەماوە

ئەم شیعرە هەر تەواو نابێ

چونکە تەنها بۆ تۆ نووسراوە

کۆتا دێڕم بە خاڵێک

لە خاچ داوە

کە نووسراوە

(سوپرایزی عەشقێکی لە ناکاوە)

# دڵەی وێڵ

خۆزگە گشت جوانی دونیا...........جوانی نیگای تۆ بوایە

وەک شەونمی سەر گوڵان..............لە ڕوخساران بتکایە

سۆزی ئەو عەشقە لاڵەت........... وەک دەنگی لایەلایە

واوەیلا لە دڵەی وێڵم................... مەجنونی بێ لەیلایە

مائیل بە مەیلی لەیلە.....................دەلیلی عەشقی(لا)یە

دەست بۆ هەر گوڵێ دەبەم...............دڕکێکی لە ژێردایە

وەک خەرمانەی دەوری مانگ.... شەبەنگی بۆ گشت لایە

لە جوانی و ناسکیدا................... دەڵێی گوڵە شەهلایە

دەمێ وەک هاژەی چەمەن............. دەمێ وەک شنەبایە

دەمێ گزنگی بەیان................. دەمێ نەشئەی شەوبایە

فوئاد لەتاوی عەشقت.................... یوسفی زولەیخایە

**سوێند**

بەو دەنگە ناسکە گوتی............ تۆ چیت کردوە لە خۆت

تەواو خۆت بیر چۆتەوە..............هێزی تیا نەما ئەژنۆت

سوێند بەو هەستە جوانەت، گوڵ.... بە تیژی تیغی ئەبرۆت

نەیهێشت زیاتر سوێند بخۆم............ گوتی پەرێشانم بۆت

هێندە خۆت ئازار مەدە.............. لە پێناو شەرم و شکۆت

هێندە خۆت سەرقاڵ مەکە.......... تا بەهەدەر دەی ئەمڕۆت

باسی عەشق کە، بۆ من............ با بۆ عەشق بێ شەووڕۆت

ئەوکات زانیم نەزانم.................. لە هونەری گفتوگۆت

لە نووری نیگاکانت............لە سوارچاکیی و هاتوچۆت

پێم وت پیرێکی گەنجم.............. هەتیوی بەردەرگای خۆت

گوتی چاک لێی تێدەکەم............ لەو هەستەیەی سەرەڕۆت

# لەگەڵ خۆت

خۆت خۆش بوێ پێش گشت شت..... بژی بە کامەرانی
لەگەڵ هەستەکانی خۆت............ بچۆ سەما و گۆرانی
با ویژدانت سەروەر بێ......... جوان بە، بە نەرم و نیانی
لەگەڵ خۆت ئاسوودە بە.............. بە سۆز و میهرەبانی
باشترین هاوڕێی خۆت بە........ هاوڕێی گیانییەگیانی
کەس تا سەر یارت نابێ.......... خۆت بە، هەتا دەتوانی
خۆت ون کە، بەس ون مەبە...........نەکێشی پەشیمانی
هەموو شتێ ئەزموون کە............ بە قووڵی و فراوانی
هەموو شتێ کاتی ی........... هەر خۆت باقی، ئەو فانی
گەر باوەڕت بەخۆت بێ............... ئینجا خاوەن ئیمانی
ئاڵوودەی هیچ کەس مەبە........ مەست مەبە بە نەزانی

# منێکی تر

دوێنێ و پێرێم وەلا نا................. تەنانەت خۆیشم جێهێشت

من پەرجووم  بۆ هەموو شت......... من زوبانم بۆ سرووشت

من کلیلی تەلەسمم........................ زۆر نایابم لەنێو گشت

مەرگ و ژینم یەکسان کرد.......... ترسی ڕۆژی دواییم کوشت

لەتلەت بوم و کەرتکەرت بوم......... بومەوە بەخوێن و گۆشت

دەبم بە بوونێکی تر..................... بەنێو کات دا دەکەم گەشت

لە هەر قۆناغێک جۆرێک........ ڕەنجی ئەزموونم بۆی چەشت

منی تر، منێکی تر.................. تێکەڵ بەو، بە هەموو شت

لێرە تێکەڵەیەک و.................... ئەوێم کڕی و ئێرەم فرۆشت

تەنها هۆش، پێوانەی کێش.......... بێ بەهەشت لەنێو بەهەشت

لە سایەی هۆشی مەزن......... هەر چیی بوو، هەموو گوزەشت

## بەخێربێیتەوە

سۆز و خەندەت بۆ منە......... بەڵام مەیلت بۆ کێیە
هەر وشەیەکت بۆ من.......... هەزار پەیامی پێیە
تێر بە دڵی خۆت بنازە.... هەر چۆنێک حەزت لێیە
لەنێو ئەو سینە پاکەم......... نازی تۆ نیشتە جێیە
ڕوخسارت دەخوێنمەوە..... لە عەشقا ئەلف و بێیە
ویساڵت ماهی تابان........ پێم بڵێ ڕووی لە کوێیە
لە کوێ دەوارنشینە............... دڵی منیش لەوێیە
گێلاسە گوڵی داوە......... یا دانەی هێشووی ترێیە
قەدەم خێربێ هاتنەوەت..... چ هەستێ چاو لە ڕێیە
فوئاد لە بێ مەیلی تۆ.......... مردن بۆی چاوەڕێیە
هەروەک سۆفی واتەنی....... مردن ئەمری خودێیە

# ئاسكێكی سرك

دەستەو ئەژنۆ منی لات......... لە بناری كێوی باڵات
كەوتمە ڕێ بە شێنەیی....... بەئارامی و كش و مات
لەناكاو لەچاو ون بوو......... كاتێ دڵ بە خەبەر هات
ئاسكە سركە كێویەكە............. تێر نابم لە تەماشات
دونیاییێكی تر هەیە............... لە چاوی پڕ لە نیگات
مەگەر لەو دونیایەدا............... بگەم بە هیوا و ئاوات
واز لە ڕاكردن بێنە............... توانام نەما بێم بەدوات
ئاسكە سركە كێویەكە................ مەترسە نایێمە لات
ماندوو بووی بە دەستمەوە....... بۆت نابم بە كارەسات
من ژیان ماندووی كردووم........شەكەتم نابمە هاوتات
سەركەوە سەر لوتكەكە.. شەرت بێ نێمە سەر ڕێگات

## ئەی فەلەک

گەر دەڵێی ئەوە (منم)............ لەنێو شیعرەکانی تۆ

نمەکی تۆی کردوە...............پەیقم، هەستەکانی تۆ

مەستی کردووم بەجارێ.......... چاوە مەستەکانی تۆ

من مەفتونی عەشقی تۆم......... مەجنونی عیرفانی تۆ

فیتنەی چەرخی چەپگەردت.... ئەی فەلەک دەورانی تۆ

عاشق بە مەعشوق نەگەشت.... لە غەدری هیجرانی تۆ

بوومە زیکر و تەهلیلە و.......... وێردی سەر زوبانی تۆ

پرسیم لە یار چ باسە................  خەمڵیوە جینانی تۆ

پەنجەی ئەڵقەی هەڵبڕی........ گوتی سوێند بە گیانی تۆ

تۆم هەڵبژارد، ئەو دەرچوو..... ئەو لە جێ و نیشانی تۆ

ئەی فەلەک ئۆباڵی من............. بە ئەستۆی نادانی تۆ

# گوڵچرا

ساقی شووشەی دڵ پڕ کە...... دڵ دولبەرێکی هەیە

سەرم بە سەرگەردت بێ...... سەوداسەرێکی هەیە

لەنێوان دیدە و نیگام............... نامەبەرێکی هەیە

دڵ کە مەهجووربێ لای یار...... چ ئەسەرێکی هەیە

ئیشتیاقی مەیلی یار............. چ مەنزەرێکی هەیە

گوڵچرای لەیلی مەیلی.......... چ قەمەرێکی هەیە

لەنێو ئەفلاکی ڕۆحم........... چ سەفەرێکی هەیە

باڵای مەقامی عولیای.......... سنەوبەرێکی هەیە

ئەو نازەی ئەو ماهنازە......... چ دانەرێکی هەیە

نیگای ئەو چاوە بازە........... چ نەزەرێکی هەیە

خەو بوو، بەکۆتا هات،کوا؟.. چ خەبەرێکی هەیە

## شێخی حەق

چ شەبنەمێکە نمنم............ گرتویە ڕووی گوڵبەدەم
لێم بۆتە ئاوی زمزم............شیفای عاجیلی هەردەم
بە دەوری کەعبەی ڕوخت... وەک حاجی تەواف دەکەم
لەسەر بەرماڵی شیعر.......... بۆ تۆی قیبلە نوێژ دەکەم
منی شاعیر موطیع و............ ئەتۆش وەلی ئەمرەکەم
نەزەر کە یا شێخی حەق....... من دەروێش و تۆ تەکیەم
ڕووت لوئلوئی مەکنونە....... ئەی حوری عینی جەننەم
ئەی مەلەکی نوورانی............. دامپۆشە سەرتاقەدەم
منی زولمەت لە حەسرەت.... هاتووم لای تۆ تەوبە کەم
ئەی پیری تەریقەتم............ (یا مولاتي) شەمعی شەم
گەر بە لوتفی تۆ نەبێ....... چۆن ئەو دڵە تەسکین کەم

# بێ وەی بی گوڵم

دڵ وەک ساز سینە وەک نەی... بۆ عەشقت دەڵێ (یا حي)
هەموو عومرم بە با چوو.. لە دەست نەی و حەی و مەی
ساقی جامت بێنە دەی.......... بۆمی تێکە پەی دەر پەی
دەستم دامێنت ئامان.......... ئەوەی من کرد، تۆ نەیکەی
هەر ئەو ئان و ساتەیە............... دونیا و حەقیقەتەکەی
بێ وەی بی گوڵم هەردەم........ کە هەردەم هۆشم دەبەی
لە ئەزەل هەتا ئەبەد........ تۆ هەر هەبووی و هەر هەی
ماهی ئافتابی ڕووخت........ گشت شەوێ کە دەردەخەی
نەجمەی ئەفلاک لە دەورەی... دەبتە حەڵقەی خەرمانەی
گوتم ڕوحی ڕەوانم............ دەست لەو زامانەم نەدەی
هەر زامێک و عەشقێکە......... ئەستەمە لێی تێ بگەی

## به دەست خۆم نییە

کە یار دێ بەهار دێنێ.. جارجار دێ خۆی دەنوێنێ
دڵ خۆی حەز دەکا کە یار... لە سەد لاوە بیشکێنێ
خەڵقی عاشق لە عەشقە.... مەعشوقە دەیخولقێنێ
بە دەست خۆم نییە گوڵم........ چیبکەم دڵ دەناڵێنێ
سۆفی گۆشەی چاوی تۆم.... لێوم زیکرت دەخوێنێ
مەستم بە بادەی لێوت......... بە خەندە دەملاوێنێ
بەو ڕۆح کێشانە شادم........ ئەو مەلەکە دەیهێنێ
ئەی مەلەکولمەوتی من.. گەر فەوتی من دەتڕێنێ
قوربانی ئەمری حەق بم..... ئەجەل مەرگم ڕازێنێ
قیامەتی قامەتت......... کە هەڵسا لە گشت شوێنێ
ئیقامەی دا بەشەفەق........... کە بێ دڵم دەربێنێ

## پایز

ئەوا پایز هات بەخێر........ وەک من هەڵوەری گەڵای

تەمەن بێ سەمەن ڕۆیی........ چەمەن چەمیوە باڵای

بۆ زوهدی تەنهایی من.......... تۆ مەجلیسی ئەولیای

مەی نۆشین هەمنشینمە....... سۆزی ناڵینم وەک نای

گوڵە پایزی ڕەنگ زەرد.. من چۆن پڕ ئێشم تۆش وای

سینەت بە ئاهی سەردم...... تەنگە، پڕ دەردو جەفای

حاڵت لایەق بە منە............ بۆ حاڵی زارم، مەولای

کە مەوتی تۆ، فەوتی من......... دەبێ بە دەرد و بەڵای

کە پیریم بەرەو پیرت....... کەرویشکەی دا زەردەگیای

من ئاڵودەی ڕەنگی تۆم....... تۆش بە دەردم موبتەلای

بەخێر بێی بۆ باوەشم............ دڵخۆشم کە تۆم لەلای

# گوڵەشەوبۆ

گوڵەشەوبۆیێ پشکووت.......... فەوتی کرد لە سەحەردا
بە جارێ لە چاو ون بوو............ هیچ نەما لە ئەسەردا
شەوبۆی شەوبەختم وێڵ بوو.... شەوگەرد گڕی تێ بەردا
ڕادەبرێ بەعیشوەو ناز............... پەڕەی دڵمی لەبەردا
هێشتا هۆش و خەیاڵی............... عەشقی منی لەسەردا
چونکە دیلی ئەبەدیم...................... لەنێو دڵێکی بەردا
لێم بوو بە مەلەک ئەمما............ شەیتان لەبن مێزەردا
کەوتە نێو دەریای حوزنم............ برینمی لە نەشتەردا
دەنگ و ڕەنگی دیار نەما......... ئەو لە باس و خەبەردا
وێنەی ڕوخساری نەما.............. لە چاوی پڕ نەزەردا
بەس بە (یا هي) دەیناسم......... خۆم لە ناوی حەزەردا

# کۆتایی

گوڵەکەم، لەوەتەی هەم.........خۆم و کەشکۆڵی پڕ خەم
وەک پەروانەی لانەواز..... هەر ئەو گوڵ ئەو گوڵ دەکەم
لە هەر گوڵێ، چیرۆکێ.......... سەری نایە بن گوێچکەم
منیش بۆ هەر چیرۆکێ................ سەرم دانا لەرێی ئەم
پەڕەی هەر گوڵێ نمنم.............. لێی تکا پەیڤ و وشەم
تۆش بویتە ئەو چیرۆکەی.... کۆتاییت هات، هەزوو و کەم
ئیتر خۆم و پێنووس و.................دەفتەری پر ئەندێشەم
لە لانەی تۆش دەرکرام ............. بە ئاهی سەردی سینەم
ئەی شەوی یەڵدای عەشق و......... لەیلەتولقەدری تاسەم
ئەی پیاسەی نێو هەست و سۆز........... ئاوێزانی هەناسەم
نوقتە سەری دێڕ، کۆتا.................. ماڵئاوایی هەمیشەم

# شووشەی دڵ

یاران کونکونە جەرگم....... بە تیغی قوللابی ئەو
بای ئەجەل دای لە مەرگم.... مردم بە عەزابی ئەو
بە فریادم وەرە مەی ....... مەستم بە شەڕابی ئەو
شووشەی شکەستەی دڵم.... لە ڕۆحی ئافتابی ئەو
چ زامێکی بەجێ هێشت... لە حەشر و حیسابی ئەو
کەس نازانێ بە حاڵم.......... لە حوسنی ئادابی ئەو
شەرمەندە و پەرێشانم......... لە جاهی جەنابی ئەو
گیان دەخیلە سا قەسەم.... بە ڕووخی ماهتابی ئەو
ناڵەناڵی من وا دێ....... لە چەنگ و ڕووبابی ئەو
فانیمە بە فەنای ئەو.........غەرقم لە سەڕابی ئەو
تۆ بڵێی چ حەرفێک بم......لە جوملەی کیتابی ئەو

# کۆنەهەوار

ڕێم کەوتە کۆنەهەوار.............. جێ ژوانم دی ئاوابوو

دوو کورسی بۆ دانیشتن............ تەنها یەکیان شکابوو

سەرچەفی سەرمێزەکە......... هەروەک جاران ڕاخرابوو

گوڵدانێکی لێو شکاو................ هیچ گوڵی تیا نەمابوو

کاغەزێک، تۆز لێ نیشتوو....... بە بای شەماڵ گەچرابوو

پێنووسێکی لەسەر بوو............ شیعرێکی پێ نووسرابوو

لەو شوێنە کەوتمە سەما......... کە بۆ یار جێی سەما بوو

کۆنە هەواری خاڵی..............   هەرچی هەبوو فەوتابوو

درەختی چاوشارکێمان.................. دڕکەزی تێ ئاڵابوو

تەواو لە پایز دەچوو............. ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو

بۆ لای یار چووم، یار چ یار.... دەرگای لە ڕووم داخرابوو

# کۆشکی خەیاڵ

لە بیری کە یەکەم ژوان........... ساتی سەمای نیگاکان
سۆزی من و نازی تۆ و............لانەی خۆشەویستیمان
لە کەشێکی ڕۆمانسی........... پڕ لە هەستی دڵ و گیان
کەوتمە تەلەسمی عەشقت....... لەگەڵ جادووت ئاوێزان
سەیری حاڵی خۆم دەکەم.......... وام لەنێو مان و نەمان
پێم بڵێ چیت بەسەر هێنام...... کەوتم وێڵ و سەرگەردان
لە دوا نامە بۆت نووسیم........... دوا نامەی کۆتا پەیمان
لێم ببوورە ئازیزم............. هەر یەکە و بە ڕێی خۆمان
سەفەری دواجاریمە و................ دیداری دوا دیدارمان
لە بیری کە هەرچی بوو.......... هەرچی بوو لە خەیاڵمان
کۆشکی خەیاڵ بوو ڕووخا.... ڕووخا بەسەر هەردووکمان

**بەهاری سوور**

گوڵم بفڕە و کۆچ بکە.......... ئێرە نەفرەت لێکراوە
بوخچەی یادگاریەکانت.... پڕ حەزی سەرکوت کراوە
لە هەر کوچە و کۆلانێک............ پەڕوباڵت جێماوە
کەفی لالێوی نەریت............. بەسەر ڕۆحتا پژاوە
عەشق نادۆزیتەوە............... لەنێو ڕقدا خنکاوە
خەندە خوێنی تێزاوە........ بەهار سوور هەڵگەڕاوە
هەر شتێ لەنێو چارشێو..... پەردەی بەسەردا دراوە
جەستەت لەنێو تابووتی............ باڵاپۆشی دانراوە
لە گۆڕستانی مەرگ................. هیواکانت نێژراوە
کۆچ بکە و بڕۆ لێرە................. لێرە ژیان نەماوە
ژین کرایە قوربانی.............. مەرگەساتی ئەو ناوە

## ناس و نەناس

لەوەتەی تۆم ناسیوە.......... لای ناسیاوان نەناسم
با بڕۆن ناس و نەناس...........من ناسی خوداناسم
گەر ڕۆچم لەنێو زیللەت....... میللەت ببێتە عیللەت
ڕەحمەت ببێ بە لەعنەت...... خۆم بەتۆ هەڵدەواسم
گەر تامی ژین بگۆڕێ......... ژینم هەمووی بدۆڕێ
خوێن لە جەستەم بچۆڕێ.... تا مردن هەرتۆی باسم
هەرچەند باستکەم کەمە.. هەموو دەم یان دەمدەمە
دەم بە دەم تۆم کەرەمە... من هەر هەموو دەم خاسم
من مەستم بە بادەی تۆ............ بێدارم لە وادەی تۆ
لە هەستم ئامادەی تۆ.. بێ هۆش وهەست من کاسم
تێدەگا دار و بەرد لێم......... چش لەوەی دەتۆرێ لێم
لە ڕێم، چیی کەوتە سەر ڕێم.... با لەژێر پێم بیناسم

## پێڕست


| ناوەڕۆک | لاپەڕە |
|---|---|
| بەند و نەی | 1 |
| وتەی نووسەر | 2 |
| پێشەکی | 3 |
| تێپەڕی | 4 |
| کەشکۆل | 5 |
| کۆڕی دڵ | 6 |
| شاهی من | 7 |
| لە دەست دەرچووم | 8 |
| مانای خودا | 9 |
| لە عەشقم لادە | 10 |
| سەوداسەری دونیا | 11 |
| تۆ کێیت | 12 |
| دڵەی وێڵ | 15 |
| سوێند | 16 |
| لەگەڵ خۆت | 17 |
| منێکی تر | 18 |
| بەخێربێیتەوە | 19 |
| ئاسکێکی سرک | 20 |

ئەی فەلەک 21

گوڵچرا 22

شێخی حەق 23

بێ وەی بی گوڵم 24

بە دەست خۆم نییە 25

پایز 26

گوڵەشەوبۆ 27

کۆتایی 28

شووشەی دڵ 29

کۆنەهەوار 30

کۆشکی خەیاڵ 31

بەهاری سوور 32

ناس و نەناس 33